# نموونەی پرسیارەکانی کورسی دووەم ( چاکسازی تاوانباران )

١- پشکنین چیە؟ و گرنگی لەچی دایە؟

٢- گرنگی پشکنینی عەقلی یان دەروونی یان کۆمەلآیەتی لە چی دایە؟

٣- باسی قۆناغەکانی پشکنین بکە؟

٤- پۆلێن کردن چیە؟ پێناسەی بکە؟

٥- ئامانجی پۆلێنکردن لە دیدی رێساکانی کەمی مامەڵە کردن کردن لەگەڵ بەندکراوان چیە؟

٦- لەبەرچی هەوڵ وکۆششەکانی پۆلێنکردن تەنها ئاراستەی بەندکراوە ماوە درێژەکان دەکرێ؟

٧- ئەو پرۆگرامانەی لە رێگای سیستەمی پۆلێنکردن بۆ بەندکراوان دادەنرێت چ لە خۆ دەگرێ؟

٨- پۆلێنکردن لە سیستەمی نوێدا چۆن بەندکراوان دابەش دەکات؟

٩- لەبەرچی لەناو بەندیخانە رەگەزی مێ لە رەگەزی نێر جیادەکرێتەوە؟

١٠- گرنگی جیاکردنەوە لەسەر بنەمای تەمەن لە چی دایە؟

١١- ئەو بنەمایانە چین کە دەبێت لیژنەی پۆلێنکردن رەچاویان بکات؟

١٢- چەند سیستەمی پۆلێن و پشکنینمان هەیە؟ کامیان باشترینیانە لەبەرچی؟

١٣- مەبەست چیە لە سیستەمی تەواو بۆ پشکنین و پۆلێنکردن؟

١٤- ئەو بنەمایانە کامانەن کە خزمەتگوزاری کۆمەلآیەتی جەختی لەسەر دەکات؟

١٥- پێناسەی خزمەتگوزاری تاک بکە؟

١٦- بۆچی فەترەی یەکەمی بەند کردنی بەندکراوان گرنگە؟ کە دەبێت لەلایەن توێژەری کۆمەلآیەتی بایەخی پێ بدرێت؟

١٧- توێژەری کۆمەلآیەتی لە بواری خزمەتگوزاری تاك بەچەند قۆناغ کێشە یان گرفتی بەندکراوان چارەسەر دەکات؟

١٨- قۆناغە زانستیەکانی چارەسەرکردنی کێشەی بەنکراوان لەبواری خزمەتگوزاری تاك بە چەند قۆناغ چارەسەر دەکات؟

١٩- باس له ئاما نجەكانی كاركردن بكه؟ لەگەڵ كۆمەڵ یان گروپ لەبواری خزمەتگوزاری كۆمەلآیەتی؟

٢٠- توێژەر چ رۆڵێكی هەیه له رێكخستنی كاتی دەست بەتاڵی بەندكراوان؟ وه گرنگی له چی دایه؟

٢١- ئەو رۆڵه پیشەییه چیه كه توێژەری كۆمەلآیەتی پێی هەڵدەستێ له بواری رێكخستنی كۆمەڵگا؟

٢٢- ئاما نجی سەرەكی لەخزمەتگوزاری تەندروستی لەچی دایه؟

٢٣- ئامانج یان گرنگی شێوازەكانی خۆپاراستن لەچی دایه؟

٢٤- سەبارەت به شوێنی خەوتن و كاركردنی بەندكراوان رێساكانی لایەنی كەمی مامەڵەكردن لەگەڵ بەندكراوان چی دەڵێ؟

٢٥- سەبارەت به خواردنی بەندكراوان یان رێسای ( ٢٠ ) ی لەرێساكانی كەمی مامەڵه كردن لەگەڵ بەندكراوان چی دەڵێ؟

٢٦- سەبارەت به جل و بەرگ چ دەڵێ؟

٢٧-رێسای ( ٢٤-٢٥ ) لەبواری تەندروستی باس لەچی دەكات له بواری پشكنینی بەندكراوان باس لەچی دەكات؟

٢٨-گرنگی دروستكردنی متمانه لەنێوان بەندكراو له بەند یخانه لەچی دایه؟

٢٩- مەبەستەكانی كاركردنی بەندكراوان بەچەند قۆناغ تێپەڕی به كورتی دەستنیشانی بكه یان باسی بكه؟

٣٠- ئەو مەرجانه چین كه دەبێت له كاركردنی بەندكراوان لەناو بەند یخانه دا هەبێت یان فەراهم بێ؟

٣١- یاسای ( ١٨-١٩-٢٠ ) دام دەزگای گشتی چاكسازی كۆمەلآیەتی له عێراق چی دەڵێت لەبارەی ئیشكردنی بەندكراوان؟

٣٢- چەند سیستەمی كاركرد نمان هەیه بیانژمێره؟ كامیان باشترینیانه روونی بكەوە؟

٣٣- رێسای ( ٧٧ ) كەمی مامەڵه كردن لەگەڵ بەندكراوان سەبارەت به فێركردن چی دەڵێت؟

٣٤- گرنگی پرۆگرامی فێركردن لەبەند یخانەدا لەچی دایه؟

٣٥- مەبەست چیه له فێركردنی گشتی؟

٣٦- مەبەست چیە لە فێرکردنی هونەری؟

٣٧-گرنگی بوونی کتێبخانە لەچی دایە لە بەندیخانە رێسای (٤٠) چی دەڵێت لەم بارەیەوە؟

٣٨-باسی گرنگی پرۆگرامی ئایینی بکە؟

٣٩- ئامانج لە پەروەردەی ئایینی چیە؟

٤٠- ئەو ئەرکانە چین کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی مامۆستای ئایینی؟

٤١- سیستەم لەبەندیخانە چەند مانا لە خۆدەگرێ؟

٤٢- سزای تەمبێ کردن چیە؟ لەبەرچی لەسەردەمی وەك ئەمرۆدا سوکراوەتەوە بەشێوەیەك کەمیانرەوە و ئامانجی تۆڵە سەندنەوە نیە؟

٤٣- گرنگی بایەخدان بەگازندەی بەندکراوان لەچی دایە؟

٤٤- گرنگی پاداشت چیە؟ و چەند جۆری هەیە؟

٤٥- ئەو مەرجانە چین کە دەبێت لە سزای تەمبێ کردن فەراهەم بکرێ؟

٤٦-لەبەرچی دەبێت پشکنین بە درێژایی سزای زەوتکردنی ئازادی بەردەوام بێت؟

٤٧- ئەو مەرجە گشتیانە کامانەن کە دەبێت لە بینایەی بەندیخانەدا فەراهەم بکرێ؟

٤٨- شوێنی بینای بەندیخانە دەبێت لە کوێ بێت؟ وەلەبەرچی؟

٤٩- قەبارەی بینای بەندیخانە دەبێت چۆن بێت؟ ئەومەرجانە کامانەن کە دەبێت لەقەبارەی بینای بەندیخانە فەراهەم بکرێ؟

٥٠- رێسای (٣٧) ی لایەنی کەمی مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوان سەبارەت بەسەردانکردن چی دەڵێت؟

٥١- یاسای سیستەمی چاکسازی کۆمەلأیەتی هەرێمی کوردستان لە ماددەی (٤٠) سەبارەت بە مۆڵەتی خێزانی چی دەڵێت؟

٥٢- باسی مەرجەکانی مۆڵەتی چوونە ماڵەوەی بەندکراو بکە؟

٥٣- باسی گرنگی مۆڵەتی چوونە ماڵەوە بکە؟

٥٤- باسی گرنگی پەیوەندی تەلەفۆنی بۆ بەندکراو بکە؟

٥٥- باسی گرنگی بوونی ئیدارەی سزای ناوەند بکە؟

٥٦-ئەو ئەرکانە چین کە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئیدارەی سزای ناوەند؟

٥٧- چەند جۆرە پشکنین هەیە؟ ( تەفتیش )؟

٥٨- تەفتیش لە بەندیخانەکان گرنگی لەچی دایە؟ چەند جۆری هەیە؟ وە ڕێسای ( ٥٥ ) کەمی مامەڵەکردن سەبارەت بەو بابەتە چی دەڵێت؟

٥٩- ئەو پابەندیانە کامانەن کە دەخرێتە سەر فەرمانبەران لە فەرمانگە چاکسازیەکان؟

٦٠-ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ وەگرنگی بۆ بەندکراوان لەچی دایە؟

٦١-ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ وەگرنگی بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانە چییە؟

٦٢- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ سوودی بۆ بەندکراوچیە؟

٦٣- ئازادکردنی مەرجدار چیە؟ مەرجەکانی پەیوەست بەسزادراوەوە چین یان بەماوە یان بەجۆری تاوان؟

٦٤-ئەو تاوانبارانەی کە ئازادکردنی بەمەرج نایانگرێتەوە کامانەن؟

٦٥-چاودێری دواینە چیە؟ گرنگی لەچی دایە؟ چەند جۆری هەیە؟